# تكايه چی دی نۆڤالْجین بەكارمەهێنن !!

زۆر له مێژه دەرمان (دەرزی) نۆڤالْجین (metamizole) وەك ئازارشكێن له هەندێكی ولاْتی دا و بگره له كوردوستانی خۆماندا تا ئەمرۆ بەكاردەهێنرێت . هەندێك جار مرۆ تێبینی ئەوە دەكات كه مرۆ هانا دەباته لای دراوسێیەكیان كه دەزانێت دەرزی لێبدات و داوای لێدەكات 1–2 دەرزی لێبدات . گەر مرۆ سەرنج بدات هەندێك جار ئەو كارو داواكارییه دووبارەو سێ باره دەبێتەوه بێئەوەی هیچ كامیان هەست به زیانه كوشندەكانی نۆڤالْجین بكەن .








ئەوەی راستی بێت تا ئەمڕۆش دەرمانی نێوبراو له كوردستاندا بەردەوام و رۆژانه به دەیان كەس بەكاردەهێنێت بێئەوەی دەزگا پەیوەندیدارەكان بەكارهێنانی رابگرن .
هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ كەمتەرخەمی كاربەدەستانی بەرپرس له تەندروستی گشتی و پاشتر دانیشتوان لەبەرئەوەی كاربەدەستانی بەرپرس كه دەرمان بۆ نەخۆشخانەكانی كوردستان دابین دەكەن ئاگایان لەو گۆرانكارییه نییه كه نەك هەفتانه و بگره رۆژانه بەسەر چەندین ئازارشكێندا هاتووه وتەنانەت ژمارەیەكیان بوونەته هۆی مردن ، پاش ئەوەی سەلمێنرا كه ئەو دەرمانانه كاریگەری كوشندەی هەیه به بریارێك قەدەغه كراوەو چی دی نافرۆشرێت .
ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبكەم برێتییه له ئەنجامی چەند توێژینەوەیەكی نێودەولْەتی سەلماندوویانه كه نۆڤالْجین دەبێته هۆی لەناوبردنی خانه بێدەنكۆلْەكان (Agranulocytosis).
ئەم خانانه جۆرێكن له خرۆكەی سپی نێوخوێنی مرۆ و رۆلْیان لەبەرگری لەشی مرۆدا هەیه .
پاش بلاْوكردنەوەی ئەنجامی چەند توێژینەوەیەك لەمەڕ زیانەكانی نۆڤالْجین له سالْی 1999 وه نۆڤالْجین وتەنانەت ئەو مادده كیمیایانەی له پێكهاتەی نۆڤالْجین دا بەكاردەهێنرێت له گەلێك ولاْتدا نەماوەو قەدەغەیه یەكێك لەو ولاْتانه سوێده .

هاوکات ئەو راستییەش سەلمێنراوە کە نۆڤالْجین رێگە بۆ هەوکردنی خوێن و گەروو خۆش دەکات .
جاری وا هەبووە نەخۆش گەیشتووەتە هەلومەرجێکی زۆرترسناك و دەرمانی نێوبراو ژیانی مرۆی
خستوەتە مەترسییەوە بە تایبەتی منداڵ .
لە یەکێك لەو توێژینەوانەدا ئامارەی پێدەکەن کە نۆڤالْین بۆتە هۆی نزمبوونەوەی خانە بێدەنکۆلەکان بە
رادەیەکی وا پزیشك گومانی کردووە کە منداڵ شێرپەنجەی خوێنی هەیە .

**سەرچاوە**


1.Hedenmalm K, Spigset O. Agranulocytosis and other blood dyscrasias associated with dipyrone (metamizole).Eur J Clin Pharmacol 2002; 58:265-74.
2.Information från Läkemedelverket. Nr.1 feb. 2006



د . زاهیر سوران
ستۆکهۆڵم